# بەشداریی لە ڕێپێوانێکدا ناکەم تەقەی لێ نەکرێت

**ڕۆزا حسێن**



ڕۆژی 16ی مارسی ئەمساڵ بڕیار بوو لەم شارەی لێی دەژیم لە نەرویج ڕێپێوانێک سازبکرێت بۆ یادی هەڵەبجە و بڕیاریش بوو من ووتار و قسەی بەشداربووانی ڕێپێوانەکە بەزمانی نەرویجی بخوێنمەوە. بەڵام سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە و بەرلەوەی لەماڵەوە بەڕێ بکەوم هەواڵی ڕووداوەکانی (یان ڕاستتر بڵێم: *ڕاپەڕینەکەی*) هەڵەبجەم خوێندەوە و یەکسەر بڕیاری خۆکێشانەوە و بەشدارنەکردنم دا لەڕێپێوانەکەدا. من بەدرکاندنی ئەم ڕاستییە ئەمەوێت دان بەوەدا بنێم کە بەڵێ خەڵکی ڕاپەڕیوی هەڵەبجە ئەو ڕۆژە فێری عەقڵێکی گەورەیان کردم. ئەوان تێیانگەیاندم کە ئێستا لەوڵاتی ئێمەدا ملهوریی حکومەت گەیشتۆتە ئاستێک کە ئیتر تەنها دوو جۆر خۆپیشاندان هەیە: جۆرێکیان تەقەی لێدەکرێت و جۆرەکەی تریشیان نا. جۆرێکیان دەسەڵاتێکی فاسید هەیە پێی قەڵس دەبێت و جۆرەکەی تریش دەسەڵات قەڵس ناکات و بگرە هەندێک جار بۆ سپیکردنەوەی ڕووی دەسەڵاتە و زۆربەی جارەکانیش دەسەڵات خۆی سازی دەدات. بەڵی دوو جۆر خۆپیشاندان، هەر ڕێک وەک ئەو دوو جۆرە خۆپیشاندانەی کە لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا هەبوون. خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەمجارەی هەڵەبجە فێری ئەو عەقڵەیان کردم کە ئیتر بەهیچ جۆرێک نەچمە ئەو خۆپیشاندانانەوە کە تەقەی لێناکرێت.

ئەم عەقڵە کەم نەبوو کە هەڵەبجە وەک پەیامێک بۆی ناردین؛ ئاخر ماوەیەکە هەوڵێکی زۆر لەئارادایە بۆ تێکەڵکردنی ڕاستییەکان و تەڵخکردنی ئەو جیاوازییەی لەنێوان ئەو دوو جۆرە لە خۆپیشاندانەدا هەیە. دیارە ئەم هەوڵانە لەلایەن دەسەڵات و قەڵەمبەدەستە دابەستەکانیانەوە دەدرێت. ئەمە تا ئێرە کێشەیەکە بەڵام زۆر گەورە نا. کێشەی گەورە ئەوەیە کە زۆرێک لەخەڵکی نەیاری سەرکوتگەرییەکانی دەسەڵاتیش دەرمانخواردووی ئەو دیماگۆجییەتەی پیاوانی حیزب بوون. زۆرێکمان تا ئێستاش بەو قسە هەلەق و مەلەقانەی پیاوانی حیزب، کە لەئاکامی تێکچوونی باڵانسیان و شۆکبوونیان بەو ڕقە گەورەیەی خەڵک لێیان دەیکەن، پرسیارمان لا دروست دەبێت و ئیمانمان بەو ڕاستییە لەق دەبێت کە بەڵێ ئێستا لەکوردستاندا دەسەڵات و بەشێکی خەڵک لە دوو سەنگەری جیاواز و دژبەیەکدا سەنگەریان گرتووە.

ئێوە سەیرکەن ئەم ماوەیەی دوایی چی ناڕەزاییەتییەکی خەڵک تەقەی لێنەکراوە!؟ ئەو هەموو زیادەڕۆییەی دەسەڵات بەرامبەر بە ئازادییەکان دەیانکات، کەچی ئێمە هەر دوای تەوهیمکردنەکانی پیاوە فاسیدەکانی ناو دەسەڵات کەوتووین و موناقەشەی ئەوەمانە کە ئایا خۆپیشاندانەکان دەستیان لەپشتەوەیە یان نا و، ئەگەریش هەیە کێن! بەکورتیی ئێمە گەر وا بکەین ئەوە هیچمان نەکردووە دواکەوتنی دیماگۆجییەتی پیاوە دیماگۆگەکانی حیزب و حکومەت نەبێت. گەر وایە ئەو عەقڵەی ئەمجارە هەڵەبجە وەک پەیامیک بۆی ناردین بۆ زۆرێکمان پێویست بوو و هێشتاش بەداخەوە زۆرێکی تریش هەن کە پێویستیان پێیەتی.

بەڕای من ئەمساڵ هەڵەبجە لەمێژووی هەژدە ساڵی ڕابردوویدا جوانترین یادکردنەوەی بۆ شەهیدەکانی سازدا. سووتاندنی دامودەزگاکانی حکومەتێکی فاسید جوانترین مەراسیمی یادکردنەوەی هەڵەبجە بوو. زۆرێک شریتی ڤیدیۆیی و وێنەی ئەو ڕۆژەم بینی. ئاە کە چەند لە ڕاپەڕینی نەوەد و یەک دەچن ئەو دیمەنانە. چەندیش لە ڕووداوی دوجەیل دەچێت ئەو هیستریایە و ئەو ڕەشبگیرییەی دەسەڵات دوای ڕووداوەکە دەستی داوەتێ.

دەسەڵات ئێستا خەریکی هەڵمەتی چاوترساندنی خەڵکە بۆ ئەوەی ئیتر کەس بەبێ پرس و ڕوخسەتی ئەوان نەوێرێت بێتە سەر جادە. لەم پێناوەدا خۆپیشاندان ساز دەدات و پیاوە بچوکەکانی خۆی لۆژ لۆژ بۆی هاتوونەتە سەر جادە. چەکدارە ڕەزاقورسەکانی گێل گێل گەنجی بۆ دەستگیر دەکەن. خۆشیان ملهوڕانە ملهوڕانە جورئەت دەکەن باس لە سێدارەدانی ئەو گەنجە ئازایانە بکەن. ئەم دۆخە خۆپیشاندانی لەجۆری یەکەمی لێمان دەوێت. خۆپیشاندانێک کە هەموومان تیا بەشدار بین. خۆپیشاندانێک کە تەقەی لێبکرێت.

rozahusein@yahoo.com